وتەبێژی لیستی یەکێتیی: دەنگەکانی یەکێتیی لە دەنگدانی تایبەتی پەرلەمانی کوردوو زیادی کردوو

ئەمە شەمە 19ـی تەشرینی یەکەمی 2024، کاروان گەزنەیی وتەبێژی لیستی 129ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرێیەکی رۆژنامەوانیدا کە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبەکەی لە سلەمانی بەڕێوەچوو رایگەیاند، ساڵی 2021 یەکێتیی نیشتمانی کوردستان 24 هەزار و 633 دەنگی تایبەتی لە پارێزگای سلەمانی بەدەستهێناوە، بەڵام لە ساڵی 2024 بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان 49 هەزار و 412 دەنگی هەبووە.

وتیشی: لە پارێزگای هەولێر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی 2021، دە هەزار و 264 دەنگی هەبووە، ئێستا 16 هەزار و 331 دەنگی هەیە، لە پارێزگای دهۆك ساڵی 2021، یەکێتی دوو هەزار و 215 دەنگی هەبوو، بەڵام بە ساڵی 2023، دوو هەزار و 553 دەنگی هەیە.